# ستەیراکۆساوروس

# Styracosaurus = Sty- Rack-o-saw-rus




## تایبەتمەندی :

ستەیگۆساوروس، یان(مارمێلکەی بزماردار)،چەشنە دایناسۆرێکی سەر زلی، دەست و پێ کورتی، قورسی، پێست گرێ گرێ بووە. ستەیگۆساوروس لە بەشی پشت سەری دا شەش شاخ، لە نێوانی دوو کونە لوتی دا شاخێک و لە سەرەوەی دوو چاوەکانیشی دا دوو گرێی زەقی ئێسقانیی هەبووە. شاخی تیژی سەر کۆنەلووتی ئەو گیاندارە، (65) سەنتیمەتری درێژایی بووە. وا وێدەچێت کە ئەو چەشنە دایناسۆرە شاخدارە، لە دەمی هێرشی دایناسۆرە گۆشتخۆرەکاندا شاخەکانی دەکار هێنابێت. هەروەها لە کاتی نزیک بوونەوەی جووت گرتن و پێک بڕانی نێر و مێیەکاندا، لەوانەیە ئەو شاخانە بۆ کێ بەر کێ و وەدەست هێنانی حەز و خوازیاکانیان دەکار هاتبن.



دیمەنی سەر و سەکوت و شاخ و گرێی سەر دەم و چاوی ستەیراکۆساوروس

قورسایی جەستەی ئەو چەشنە دایناسۆرە، نزیک بە 3000 کیلۆ بووە. ئەو کێش و قورساییە لە جەستەیەک دا جێگیر بووبوو، کە درێژاییەکەی(5/5)مەتر و بەرزایی باڵاکەی نزیک بە(2) مەتر بووە.

کلکی ئەستوور و سەری باریکی ئەو چەشنە دایناسۆرە، دەگەڵ بارستایی بەژن و باڵاکەی ڕێکی یەک بوون.



کلکی قوڵە و قایمی ستیراکۆساوروس

لە پشت سەری ستەیراکۆساوروس، لە نێوانی کەللە سەر و نێو شانی دا، تیغەیەکی ئەستووری ئێسقانیی هەبووە، کە شەش شاخی سەر تەوقی سەریشی بە سەرەوە بووە. ئەو تیغە ئەستوورە ئێسقانییە لە کاتی خەتەر دا بە چەشنی قەڵغان کەڵکی لێ وەرگیراوە.
ستەیراکۆساوروس لە جیاتی دەم و لێو، چەشنی باڵندەکان خاوەنی دەندووک بووە.



قاچ و قولی ستەیراکۆساوروس چەشنی لاقی فیلەکانی ئیمڕۆیی، ئەستوور و قامک دار بوونە.



تیغەی ئێسقانیی سەر تەپڵی سەری ستەیراکۆساوروس .

## شێوەی ژیانی ستەیراکۆساوروسەکان :

دوای ئەوەی کە گۆڕێکی بە کۆمەڵی پڕ لە ئێسقانی فۆسیلەبووی ئەو چەشنە دایناسۆرە دۆزرایەوە، سەلمێندرا کە ستەیراکۆساوروسەکانیش وەکی هەموو بنەماڵەی (سەراتۆپسەن)ەکان بە کۆمەڵ ژیاون.

ئەو چەشنە دایناسۆرە لە ڕێی هێلکەوە زە و زوویان کردووە. هەر وەها لە ڕێی خوێندنەوەی ئاسەواری فۆسیلەکانیان دەردەکەوێت کە لە سەردەمی ساوایی جۆجیلەکانیان دا، دایک و باوک، پارێزگاریان بوونە.

جیاوازیی ئەو چەشنە دایناسۆرە لەوانی تر ئەمەیە کە، کاتی هێرش هێنانی دایناسۆرە گۆشتخۆرەکان، ئەوانیش بە تێکڕا بەرەنگاریان ڕاوەستاون و شەڕیان لە گەڵدا کردوون. هەر ئەو ڕاوەستان و بەرگری کردنەش دەفریایان هاتووە و گەلێک جاران لە خەتەری ڕزگار کردوون.



لە دەمی مەترسی هێرشی دایناسۆرە
گۆشتخۆرەکاندا،دایک و باوکەکان
ڕۆڵەکانی خۆیان لە خەتەر پاراستووە.





## سەردەمی ژیانی ستەیراکۆساوروسەکان :

لە ئاخری دەورەی کرەتاسیوس، واتە لە نێوانی 70ـ 77 ملیۆن ساڵ لەمەو بەر، ستەیراکۆساوروسەکان لە ژیان دابوون. دایناسۆری ناوبراو ئاخر چەشنەکانی دایناسۆر بوون کە هاتوون و دوای ئەوان توخم و تۆوی دایناسۆر فەوتاوە.



## خورد و خۆراکی ستەیراکۆساوروسەکان :

بەپێی وتەی زانایانی بواری دایناسۆرناسی، ستەیراکۆساوروسەکان توانیویانە خۆراکی خۆیان باش بجوون و بە جووتراوی قوتی بدەن. لە حالێکدا ئەم چەشنە خواردنە بە لای دایناسۆرەکانی ترەوە نەبیندراوە.

شایانی باسە بگوترێ کە تەرتیب و سیستەمی دوو شەویلکەی ئەو گیاندارە بە چەشنێک بووە، کە لە بەشی پێشەوە دا دەندووک و، لە بەشی دواوە دا دوو ڕێزە ددان بۆ خواردن و جووتن لە خزمەتی دا بوونە.




## ڕەوت و ڕۆی ستەیراکۆساوروسەکان :

ئەگەرچی ستەیراکۆساورەسەکان گیاندارانێکی دەست و پێ قوڵەی گۆشتن بوون و دەبوایە لە ڕەوت و ڕۆ دا تەپ و تەمبەڵ بن، بەڵام لە ڕێی ئاسەواری جێ پێی فۆسیلەبووی ئەو گیاندارانە وا دەردەکەوێت کە لە ڕۆیشتن و تەنانەت لە غاردان و ڕاکردنیش دا چابوک و چالاک بوونە. بە گوتەی زانایانی فۆسیل ناس، دەبێ خیرایی هەڵاتنی ستەیراکۆساوروسەکان 32 کیلۆمەتر لە کاتژمێر دا بووبێت.



## ڕادەی فام و بەهرەی هۆشی ستەیراکۆساوروسەکان :

ئەو چەشنە داناسۆرە ئەندامی بنەماڵەی (سەراپتۆسەن)ەکان بووە. ڕێژەی مێشکی ئەو چەشنە دایناسۆرە بەنیسبەتی کێش و قورسایی لەشیان، ڕادەیەکی مامناوەندی بوونە، واتە پلەی فام و بەهرەی هۆشیان مامناوەندی بووە.



## شوێنی دۆزینەوەی فۆسیلی ستەیراکۆساوروسەکان :

ساڵی 1913 ، فۆسیلێکی ئەو چەشنە دایناسۆرە لە ئەلبەرتای وڵاتی کەنەدە دۆزرایەوە. فۆسیلی دۆزراوەوە لە لایەن دیرینەسێک بە ناوی (لامبی) بەو نێوە نێودێر کرا.

زیاترین فۆسیلی دایناسۆری ناوبراو لە ئەیالەتی ئاریزۆنای ئەمریکا دۆزراوەتەوە، کە سەرجەمی فۆسیلە دۆزراوەوەکان، ژمارەی 100 دایناسۆر تەواو دەکات.



## نمونەی چەند فۆسیلی ستەیراکۆساوروس :



نمایەک لە چوارئێسکەی دایناسۆری چەشنی ستەیراکۆساوروس









